کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-10-2007 20:48بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## تورک چ نازێک دەکات بەسەر (یوئێن) دا وا لەروویدا بێدەنگن.. !! خاڵەحەمە

مێژوو شادەیەکە کەتورک لەو ناوچەیەی ئێستا تیائەژی خاکی باووباپیری خۆی نییەو داگیری کردوە..



بەدرێژی ئەو مێژووەش لەکوشتارو تالانکردن بەولاوە کاریکیان نەکردووە کەمرۆڤێک لە ناوچەکەدا دانی خێریان پیابنێت، ئەم نامرۆڤانە بەناوی ئیسلامەوە چەند سەدەیەک لەژێر ئالای پیاوەنەخۆشەکەدا (دەوڵەتی عیمانلی) زۆربەی زۆری خاکی ئەو نەتەوەیانەیان داگیرکردبوو کەبۆیان کەر بووبوون و بەدەدەهۆڵی ئەوان هەڵدەپەڕین، لەژێر دەستی ئەم دەوڵەتە ئیسلامییە دیکتاتۆرەدا گەلی (ئەرمەن) لە ڕۆژگاری (سوڵگان عبدالحمید) ئەنفال کران و زیاتر لە ملوێنی ئەرمەن بەدەستی (سوارەی حەمیدیە) کوژران و لەناوبران، دوابەدوای ئەمدەوڵەتە دیکتاتۆرە کەخۆی بەبریکاری خواوەند ئەزانی لەسەر زەوی، نەخۆشێکیتر هاتە سەر دەسەڵات بەڵام بەشێوەیەکیتر دەستی لەبینەقاقای ئەو میللەتانەی ژێردەستی خۆی نابوو، ئەمنەخۆش و هەوەسبازە ناوی (کەمال ئەتاتورک) بوو، مرۆڤێکی بێ بەزەیی و دڵڕەق و هەرچی ماهییەتی مرۆڤایەتیشە لەبیرو راییدا نەبوو، وەئەم دەسەڵاتەش تا ئەمڕۆکە درێژەی هەیەو بەبەرچاوانی هەموو دنیاوە گورگەکانی دوای عیمانلی کە ئەبنە نەتەوە ـ پەرستانی تورک گاڵە بەنەتەوەکانی ژێردەستی خۆیان ئەکەن، بەبەرچاوی (یوئێن) ەوە کوڕو کچیان دەکوژن و ئازادی بیروڕایان ژێرپێخستووە، بەتایبەتی لەگەل ئێمەی کورد کە هەمیشە لەسەنگەردا بوون و پیلان لەدوای پیلانیان دارشتوە بۆ نەمان و ئەنفال کردنمان، دەتوانم بڵێم لەئەرمەن خراپتریان بەسەر کوردا هێناوە، من نازانم توورک چ نازێک ئەکات بەسەر مرۆڤایەتیدا کەوا هەق بدا بەخۆی سەرپێچی هەموو یاساورێساکان بکات و بەئارەزوی بیرو بیرۆکەی پووچەڵی خۆی یاسا ناوزڕاوەکەی ئەتاتوورک پەیڕەوبکات، من نازانم بۆئەبێت لە (یوئێن) دا ئەوهەموو سەرکەشییانەیان لێپەسەند بکرێت و کوشتن و بڕینی میللەتانیان بۆ (حەڵاڵ) کردبن، دەبێت چ سرڕێک لە مەرایی کردنی ئەم نامرۆڤانەدا هەبێت کەلەسەدەی بیست و یەکەمیندا، کەسەدەی زانیاری و نەمانی زۆرداری و دیکتاتۆرە ئالای نەمانی میللەتانیان بەرز کردۆتەوەو دەیانەوی نەتەوەیەکی 40، 000، 000 ملوێنی لەناوبەرن، بەڵام ئێمەش بۆمان هەیە بڵێین مافی خۆمانە کە لەمەودوا دەست لەگەڵ هەموو گروپێک لەگەڵ هەموو کۆمەڵێک لەگەڵ هەموو ئۆپۆزسیوێنی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم تورکانەو هاوپەیمانەکانیاندا تێکەڵاو بکەین و شەڕ بخەینە نێوماڵەکانیانەوە، بۆ لەمەودوا بۆ کوردیش ڕەوایە شەڕ لەگەڵ هەموو دامودەزگایەک کەهاوبەشی ئەمشەڕەی ئەمجارەی تورک بکات بۆسەر خاکی کورد، بۆ کوردیش ڕەوایە کە پەنابەرێتە بەر هەموو جۆرەشەڕێک، ڕەواونارەوا کە کسپە لەجەرگی دایکان و باوکانیان هەڵبسێنێ و چۆکیان پێ دابدات بۆ دانوسان و قسەکردن لەسەئازادی. ئێمەی کورد تائەمڕۆکە دژی هیچ میللەتێک نەبوین و کارێکی نامرۆڤانەشمان ئەنجام نەداوە کە دڵی مرۆڤایەتی گەرد بیگرێت، لەگەل ئەوەشدا شەڕی مان و نەمانیان لەگەڵداکردوین، لەگەڵ ئەوەشدا ڕژێمەکانی سەردەستەی کوردستان بە هەموو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جۆرە چەکێ، قەدەخەکراو و ئاسایی ئەنفالیانکردوین و لەهەزاران گۆڕی بەکۆمەڵدا زیندەبەچاڵیانکردوین، بەڵام بەمەرامی بۆگەن و چەپەڵیان نەگەیشتون و شکست لە دوای شکست وەک شێر بەڕوویانا هەڵچوینەوەو شۆڕشمان نوێ کردۆتەوە، ئێستاش خەیاڵیان خاوە کە کورد دەست لەئازادی و سەربەخۆیی نیشتمانەکەی هەڵبگرێت، دەبێت چۆک بۆ هێزی لەبننەهاتووی میللەت دابدەن، ئەگەر هەر شەڕیشیان بڕیاردا لەناو ماڵەکانی خۆیاندا شەڕیان لەگەڵ دەکەین، دەچینە خەویانەوە، دەچینە نانیانەوە، دەچینەژیانیانەوە....

*کوردە ڕووی دەمیشم لەئێوەیە شەڕی مان و نەمانیان لەگەڵدابکەن ئەگەر خۆیان کەرکردو هێرشیان هێنایە سەرخاکی باوباپیرتان، ئەوان ژێرکەوتون ئەگەر ئێوە یەکگرتووبن..

*گەورەپیاوانی کورد لەگەڵ ئێوەشمە ئەمجارەش خۆتان نەکەن بەپەند و میللەت لەگەرمەی کارەساتدا بەجێبهێڵن!!، دەجارێکیش نۆکەری نیشتمانەکەی خۆتانبن.

*پەڕلەمانتەرانی کوردستان ئێوەش لەخەو ڕابن واپەڕلەمانی تورک کوشتینی کوردی ڕەواکرد و جاڕی سەرکەوتنی خۆیان ئەدەن، ئەی تۆچی ئەکەیت کەسبەینێ لەبەهەشتی کوردستانا سەرخەوێ بشکێنی و لەسەر کورسیەکەی پەڕلەمان باوێشک نەدەی.

*دوەڵەمەندانی کۆن و تازەی کورد کۆشک و تەلارتان دەڕوخێنن، سەرمایەکانتان بۆ ئەمجەنگە باشە ئەگەر ڕوویدا، بەتەنها قوزەلقورتی مەکەن تا دوای جەنگ نۆشی گیانی بکەن.

*ڕۆشنبیرانی کورد چراکان داگیرسێنن تالەڕۆژێکی ڕەشدا نیشتمانفرۆش و هەلپەرست و دزوجەردەو پیاوە گەندەڵەکان ئاشکرابن خۆ ئەگەر چراکان هەڵنەکەن خۆتان لەتاریکیدا سەرشۆڕ ئەمرن.

*هۆ گەلی کورد بەهەموو دین و چین و توێژەکانەوە دواهەلە، خواوەند ڕازی بکەن، تەنها ڕۆژێکیش نویژ بۆ نیشتمان بکەن، تالەژێر پۆستاڵی تورکا مزگەوت و کنێسەو ئاتەشگاکەشتان نەسووتاوە، خۆ وانەکەن لەئێستاوە هەرچی نوێژیك کردوتانە بەتاڵەو خواوەندیش رقێ لەچارەی ڕەشتان دەبێتەوە. *سەرکەوتن بۆ هێزێکە یەکگرتووبێت، دیاری دەستی یەکگرتنیش چەپکەگوڵی سەربەستیە، ڕابە، ڕابە..

خاڵەحەمە/2007/10/19 دانمارک /ڤالبی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.